# دیدار



د. هۆگر مەحمود:

## زمانی کوردی تووشی پاشاگەردانی بووە

سازدانی: ئەکرەم محەمەد و کاروان ئیبراهیم



دڵسۆز حەمە:

## هەڵکەوتەی ئینسانیی و میزاجی من، تەنها بۆ شیعرنووسین گونجاوە

سازدانی: شەمیران سلێمان

د. هۆگر مەحموود :

# زمانی کوردی تووشی پاشاگەردانی بووەو راگەیاندنیش رۆڵێکی خراپی لەو نێوەندەدا هەیە



**(د. هۆگر مەحمود فەرەج) یاریدەدەری پرۆفیسۆرو مامۆستا لە بەشی کوردی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی، لەدیمانەیەکی تابەتدا باسی زمانی ستانداردو زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی دەکات، باس لە رەوشی ئێستای زمانی کوردی و هۆکارەکانی دروستنەبوونی زمانێکی ستانداردی کوردی دەکات، هەروەها تێروانینەکانی لەسەر چۆنێتی کارکردن بۆ دروستکردنی زمانێکی ئەدەبی یەکگرتوویی کوردی دەخاتەڕوو، د.هۆگر باس لەوە دەکات کە پێویستە زمانزانان و زمانەوانانی هەر چوارپارچەی کوردستان بێنەلای یەکترو یەکتر قەبوڵ بکەن و کاربکەن بۆ زمانێکی ستانداردی کوردی لە کوردستاندا.**

سازدانی: ئەکرەم محەمەد و کاروان ئیبراهیم

*** بە روانینی تۆ، رەوشی زمانی کوردی لە ئێستادا لە چ ئاستێکدایە؟**

- ئەوەی من هەستی پێدەکەم، زمانی کوردی ئێستا لە قۆناغێکدایە کە چۆن بڵێیت زۆر و بۆریەك لە ئارادایە، کە رەنگە لە لایەك لە لایەنەکانەوە ئەمە بگەڕێتەوە بۆ ئەو هەلومەرجەی کە کورد پێیدا تێپەڕدەبێت. لەوەدا کە هەرێمی کوردستان جۆرێك لە ئازادی هەیە، ئەم ئازادیەش وایکردووە کە سەدان گۆڤار و رۆژنامە هەبن، دەکرێت بڵێم زۆر لەو ژمایەرەیە زیاتر خەڵکانێك هەبن کە دەست بدەنە قەڵەم و بنووسن، بەڵام راستییەکەی ئەمانە زۆرینەی زۆریان بێئاگان لە لایەنی زمان، تەنیا قسەکەری زمانی کوردین و خوێندەوارن. ئەو هەلومەرجەش وایکردووە کە جۆرێك لە بێسەرەوبەرەیی لێبکەوێتەوە، ئەمە رەنگە ئەوکاتەی کە دەسەڵات دەزگای تۆکمە دابنێت بەو چەشنە نەمێنێت، جۆرێك لە پێڕەوبەندی بێتە ئاراوە، وەك وتم ئەو بێسەرەوبەرەییەش لە یەك لایەنەوە نییە، بەڵکو لەلایەنی رێنووس و لەلایەنی زمانەکەشەوەیە، تەنانەت تەکنیکی نووسینیشەوە، واتا لەلایەنی خاڵبەندییەوە بێسەروبەرەییەکی زۆر لە ئارادایە.



◆

**زۆرکەس وادەزانێت زمانی ئەدەبی یەکگرتوو ئەوەیە کە هەموو زارەکان بەسەریەکدا بترشێنیت و زمانێکی لێ دروستبکەیت، ئەمە بۆچونێکی زۆر هەڵەیە**

◆

***زمانی ستاندارد، یان زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی واتای چییە؟**

-ئەوەی راستیبێت زمانی ستاندارد، یان ئەوەی کە ئێمە لە کوردیدا پێی دەڵێین زمانی ئەدەبی یەکگرتوو. راستییەکەی ئەو شێوە زمانەیە کە رەچاودەکرێت بۆ نووسینی نەتەوەیەك، یاخود دەسەڵات رەچاوی دەکات، یان نووسەرانی باڵای نەتەوەکە شاکارەکانیان پێنووسیوە، یاخود هەندێکجار کە کتێبی ئایینی پێ دابەزیوە، ئەمانە دواتر وا دەکەوێتەوە کە خەڵکی چاویان لێدەکات لە نووسیندا، دواجار پرۆسەی خوێندنی پێئەنجامدەدرێت، دواجار راگەیاندن بەو زمانە کارەکانی خۆی رایدەکات، ئەم زمانە کەی بووە

ناوکۆیی لە نێوان سەرجەم زارەکان و شێوەکانی زمانەکەدا، بەوە دەوترێت زمانی ئەدەبی یەکگرتوو.

*** تا ئێستا دروستنەبوونی زمانێکی ئەدەبی یەکگرتوو، کە هەر کوردێك لێی تێبگات و پێی بنووسێت و قسەی پێبکات، هۆکارەکەی چییە؟**

- هۆکاری هەرە گەورە بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە کورد قەوارەیەکی رامیاری خۆی نەبووە، کورد هەمیشە ژێردەستە بووە، ژێردەستەیی خەڵکانێك و نەتەوەگەلێکیش کە ئەوان ئەسڵەن قسەکردن بە زمانی کوردیشیان قەدەغەکردووە، چ جای ئەوەی کە نووسین بە کوردی و راگەیاندن بە کوردی ببێت، بەڵام خۆشبەختانە لەم پارچەیە، وەك بڵێیت لە سەردەمی بابانەوە کەڵە شاعیری وەکو نالی و سالم و کوردی هەڵکەوتن، کە خەڵکێکی زۆر چاویان لەو شێوەیەی ئەوان کردووە لە زارەکانی تردا. دواجاریش لە قۆناغی حکومدارییەکەی شێخی نەمرەوە، شێخ کردیە زمانی فەرمی حکومدارەییەکەی و تەنانەت کردیە زمانی خوێندن و راگەیاندنیش، بەدوای ئەویشدا قۆناغ بە قۆناغ ئەو لایەنە کەم تا زۆر مایەوە، لەهەندێ قۆناغدا گەشەیکرد، بۆ نمونە لە سییەکاندا حکومداری شێخ نەمابوو، بەڵام بڵاوکردنەوەی کتێب بەو شێوەیە زیادیکرد. لە چلەکاندا لە رۆژهەڵاتیش کۆماری کوردستان هاتە ئاراوە، لەماوەی ئەو یانزە مانگەدا، هەر بەو شێوەیە بەردەوام بوو، چ جای ئەوەی کە گۆڤاری زۆر گرنگی وەکو گۆڤاری گەلاوێژ کە ماوەی دە ساڵ بەردەوام بوو، دواتریش لەدوای شۆڕشی گەلاوێژ هەر نووسین پێی بەردەوام بوو، تەنانەت بەشی کوردی لە زانکۆی بەغدا کرایەوە، گرنگی زیاتری پێدرا، پاشان لە ساڵی حەفتاکاندا چوار ساڵ گرنگی زۆر و بڵاوکراوەی زۆری پێدەرکرا، دواجاریش لەدوای (٩١)ەوە دیسان رێژەیەکی زۆر زیاتر بڵاوکردنەوە و نووسین تا رادەیەك بەو شێوەیە بەردەوامبوو، ئەگەرچی لە بیرمان نەچێت وەك لە پرسیاری یەکەمیشدا، وتم ئێستا بێسەرو بەرییەك لە ئارادایە بەهۆی زۆری و بۆریەوە.

*** جەمال نەبەز ساڵی (١٩٧٤) لە پێشەکی پەرتووکی (زمانی یەکگرتووی کوردی)دا دەڵێت: بەشێکی سەرەکی دروستنەبوونی زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی دەکەوێتە ئەستۆی رۆشنبیرانی کورد، دەڵێت تا ئێستا رۆشنبیرانی کورد هەوڵیان نەداوە، دەبێ ئیتر هەوڵ بدەن. ئێستا کە ساڵی**





**(٢٠٠٩) یە و (٣٥) ساڵ بەسەر ئەو قسەیەی جەمال نەبەزدا تێدەپەڕێ، هێشتا زمانێکی یەکگرتووی کوردی دروست نەبووە، دەکرێت جارێکی تر ئەم خەتایە بخەینە ئەستۆی رۆشنبیران و زمانزانانی کورد؟**

- من ناڵێم رۆشنبیران رۆڵیان نییە، بەڵام رۆشنبیری لەگەڵ زمانزانی و لەگەڵ زمانەوانیدا مەرج نییە یەك شت بن، رۆشنبیر دەشێت رۆشنبیر بێت، بەڵام رەنگە زمانەکەی بەباشی نەزانێ، واتا کەناڵی خۆرۆشنبیرکردنی ئەو، سەرچاوەکانی ئەو رەنگە زمانی تر بن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رۆشنبیری بە ئاگا لە زمانەکەی یان زمانزان یان زمانەوان، ئەمانە ئەوانەن کە دەکرێت رۆڵی گەورەیان هەبێت لەلایەنی زمانەوە، بۆئەوەی کارەکانیان بەو ئاراستەیەدا ببرێت کە زمانی ستاندارد بەرەو تۆکمەبوون بچێت. من خودی خۆم پێموایە کە ئێمە شێوەزارێکمان رێچکەی بە ستانداربوونی گرتووە، وەکو وتم لە حکومداری شێخ مەحمودەوە قۆناغ بە قۆناغ لە حەفتاکاندا زۆر بە چاکی بە خۆیدا هاتبوو، بەتایبەت لەوەی کە (کۆڕی زانیاری کورد) لە رۆژهەڵات و تەنانەت لە زارەکانی ترەوە کاریان تێیدا دەکرد، ئەمانە زۆر رۆڵی چاکیان هەبوو، بەڵام ئەمە تەنیا بە رۆشنیبیر ناکرێ، تەنیا بە زمانەوان و زمانزان ناکرێ، چونکە من وەك لە وەڵامی پرسیارەکانی تردا وتم، لە دواقۆناغدا ئەوە دەسەڵاتە کە بڕیار دەدات کام شێوەزارە رەچاوبکرێت و کاری پێبکرێت و بە فەرمی دانی پێدا بنرێت و پرۆسەی خوێندنی پێئەنجامبدرێت، کارەکانی راگەیاندنی پێئەنجامبدرێت، کارەکانی فەرمی دەسەڵاتی پێئەنجامبدرێت. واتا من پێموایە ئەوە دەسەڵاتە، رەنگە لە کۆندا حاڵەتێکی ئاسایی ئایین، یان نووسەرێکی باڵا کاریگەربووبێت، بۆ نمونە لە زمانی ئیتاڵیدا (دانتی ئیلیگیری) بووە هۆی ئەوەی کەوا کۆمیدیای ئیلاهی نووسیی بە دوایدا ئەو شێوەیەی ئەو پێی نووسی کە هی ناوچەیەکی زۆر بچوك و بەرتەسك بوو، بووە هۆی ئەوەی کە خەڵك چاوی لێبکات، کە خەڵك چاوی لێکرد وردە وردە وای لێهات لە ئاکامدا ئەوە رەچاوکرا لەلایەن دەسەڵاتیشەوە دواجار بووە زمانێکی ستاندارد، واتا بووە ناوکۆیی لە نێوان سەرجەم زارو شێوەزارەکانی ئەو زمانەدا. بەڵام راستییەکەی گەلێ جار دەڵێن چوار پارچە، بەڵام ئێمە چوار پارچە زیاترین، ئێستای کوردستان دەکرێ بڵێین شەش پارچەش، بۆ؟ ئەوەی کە جاران لە باکور بوو لەژێر سایەی سۆڤێتدا، ئێستا بەشێکی لەژێر سایەی ئەرمینیا و بەشێکی لەژێر سایەی سۆڤێتی ئەوسادایە، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکێکی زۆرمان هەیە وەکو جالیە لە وڵاتەکانی تردان. بە هەرحاڵ ئەگەر ئێمە چوار

پارچەکەش بڵێین، ئێمە ئێستا هەر پارچەیەك لەژێر سایەی داگیرکەرێکدایە، پارچە هەیە تا ئێستا بە رەسمی دانی پێدا نەنراوە، تازە لە باکور وا خەریکن کرانەوەیەك بە رووی زمانی کوردی و خەڵکی کورددا بێتە ئاراوە، لە وەها هەلومەرجێکدا راستیەکەی بوونە ناوکۆیی بۆ ئەو شێوە زارە رەنگە وا ئاسان نەبێت، بەڵام ئەگەر هات وخەڵکی کورد یەکتری قەبوڵ بکات، رۆشنبیرانی کورد و خوێندەوارانی کورد یەکتری قەبوڵ بکەن، ئەوەی کەوا رێچکەی گرتووە هەوڵ بدەن و خۆیان فێری ئەوە بکەن، کە تا ئێستا راستیەکەی مەگەر لە رۆژهەڵات، ئەگینا لە باکور یان لە رۆژئاوا، ئەوە نەکراوە، ئەوە دەکرێت بڵێیت لەلایەن خەڵکەوە، بەڵام ئەوە دواجار خودی دەسەڵاتە کە چی رەچاودەکات؟ من ناڵێم رۆشنبیران رۆڵیان نییە، بەڵام ئەو رۆڵە لە ئاکامدا بۆئەوەی کەوا دان بەوەدا بنرێت کە ببێتە زمانی ستاندارد، راستیەکەی دەسەڵاتە.

*** لە رابردودا (کۆڕی زانیاری کورد) هەبوو، کە کاری دەکرد بۆ پێشخستنی زمانی کوردی و زمانێکی یەکگرتوو، بەڵام ئێستا دامەزراوەیەك هەیە ئەوکارە بکات؟**

-ئێستاش ئەکادیمیا هەیە، ئێستاش کۆردۆلۆژی هەیە، بەڵام ئەمانە تا ئێستا من وای نابینم کە ئەو هەلومەرجەیان هەبێت کاریگەری راستەقینەیان لەو بارەیەوە هەبێت، تەنانەت لەو ئاستەشدا نین کە لە حەفتاکاندا هەبووە، ئەمە زۆر هۆکار هەڵدەگرێت، رەنگە هۆکاری هەرە گرنگیان دیسانەوە بگەرێتەوە بۆ دەسەڵات، راستە کۆمەڵێکی زۆر بەشی کوردی هەیە، بەڵام من ئەوانەش وا نابینم کە بە ئاراستەی ئەوەدا بچن، چونکە کورد تا ئێستا کار لەسەر چەند دەکات نەك لەسەر چۆن، کار لەسەر کەسەکان دەکات وەکو ناو و ناوبانگیان نەك توانای راستەقینەیان لەبواری چ زمانزانی چ زمانەوانی، ئەمە زۆر هەڵدەگرێت، راستیەکەی رەنگە من بەوەندە وەڵامی ئەم پرسیارە واز لێ بێنم.

***راگەیاندن دەتوانێ چ رۆڵێك بگێرێت لە پێشخستنی زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردیدا؟**

- من رۆڵی راگەیاندن زۆر بە گرنگ دەزانم، بەڵام بەمەرجێك ئەو کەسەی کە کاری راگەیاندن دەکات کێیە؟ چونکە من پێشتر وتم، وتم ئێستا زۆری و بۆریەك، 





پاشاگەردانیەك لە ئارادایە، هەرچی خوێندەوارە، ئازادیەکە وای کردوە هەڵبسێت و بچێت بڵاوکراوەیەکی هەبێت، لە گەرەکی خۆیان چۆن قسەدەکەن و چۆن ئەقڵی دەیبرێت بەو شێوەیە دەنوسێت، خەڵکێکی تریش هەیە ئەوە دەخوێننەوەو کاریگەریان لەسەر دروست دەکات، کەواتە لێرەدا رۆڵی راگەیاندن ئەوکاتە دەبێت هەر هیچ نەبێت کەسانێك هەبن کە لەلایەنی زمانزانییەوەو لە لایەنی زمانەوانییەوە ئەوان بتوانن هەر هیچ نەبێ لە بێژنگدانێك بکەن بۆ ئەو نووسینانە، کە ئێستا ئەو لە بێژنگدانە نییە، کە ئەوە لە حەفتاکاندا تارادەیەك هەبوو، ئێستا ئەوە نییە. لەبەرئەوە رۆڵی راگەیاندن ئەگەر بەم ئاستەی ئێستای بمێنێتەوە من وای دەبینم زیاتر و زیاتر پاشاگەردانی لە زماندا دروست دەکات جگە لە لایەنەکانی تر، من مەبەستم لە تەلەڤزیۆنە لە رۆژنامەیە هەموو ئامرازەکانی راگەیاندن، لەبەرئەوە تۆ سەیرکە لە رێنووسەوە بیگرە، لە زمانەوە لە زاراوەکانەوە چەندین جۆر زاراوەمان بۆ دەخەنە بازارەوە کە لە راستیدا ئێمە کوردیەکەمان هەیە ئەو نایزانێت، کە ئەو نایزانێ هەریەکە بە ئارەزووی خۆی بەکاری دێنێت، لەبەرئەوە زۆرجار دەبینی ئەسڵەن کوردییەکەش بە سەقەتی بەکاردەهێنرێت، ئەمە دەگەرێتەوە بۆ پاشاگەردانییەکە، کەی راگەیاندن بوو بە راگەیاندێك کە بتوانێ لە چوارچێوەی زمانەکە دەرنەچێت، مەبەستمان لەوە نییە داهێنان نەکات، نا داهێنان دەبێ بکرێ، ئەوە ئەدیبانن داهێنان دەکەن، ئەوە ئەدیبانن زمان لە چەقبەستوویی دەردەکەن، بەڵام ئەوەی ئێستا، نەخێر ئەمەیان پاشاگەردانی زمانە.

*** سیستمی رامیاری دەتوانێ چی بکات لەبواری زماندا؟**

- من پێم وایە سیستەمی رامیاری واتا دەسەڵات، دەتوانێ زۆر شتی گرنگ بکات، دەسەڵات دەتوانێ هەلومەرج برەخسێنێت بۆ ئەوانەی کەوا زمانەوانن بەواتای وشە، نەك هەرچی بروانامەی هەبوو وابزانێت زمانەوانە، ئینجا نەك هەر زمانەوانەکان کە وەرە لایەنی پێرەوی زمانەوە، بەڵکو زمانزانانیش، ئەمانە کە رەچاو بکرێت و بواریان بدرێتێت کارێك بکەن کە زمان لەو پاشاگەردانییە رزگاربکەن. دواجاریش ئەوە دەسەڵاتە، وەك وتم کە بە فەرمی یەکێك لەو زارانەی کەوا بە لەبار دەزانرێ رەچاوی دەکات و کارە فەرمییەکان و کاری خوێندن و کاری راگەیاندن و ئەمانە بریار دەدات کەپێی بکرێت، ئەمەش بەو واتایە نییە کە زارەکانی تر بۆیان نەبێت لەناوچەی خۆیاندا بنووسن، یاخود رادیۆ و تەلەفزیۆن و ئەوانەیان نەبێت، بەڵام ئێمە مەبەستمان لەو

زمانە ستانداردە، یان زمانە ئەدەبییە یەکگرتووەیە کە دەکرێت ببێتە ناوکۆیی بۆ سەرجەم زارو شێوەزارەکانی زمانی کوردی. نەك هەرئەوە بەڵکو ئەوەبێ کە ئیستا چۆن لە دەستوری عیراقیدا دان بەوەدا نراوە کە زمانی کوردی زمانێکی فەرمییە لە پاڵ زمانی عەرەبیدا، خۆئیتر هەرهیچ نەبێ دەبێ ئەوە ئەو زمانە ستانداردە بێت یان ئەو شێوەزارە بێت کە تۆ دەتەوێ ببێتە ناوکۆیی، کە ئەمە راستیەکەی کاری دەسەڵاتە، ئەگەرچی کەم تا زۆر تا ئێستا ئەوکارە کراوە، بەڵام هیواداریین کە دەسەڵاتی کوردی زۆر شێلگیرانە لەوبارەیەوە کاربکات، پەلەی تیا بکات، شتێکیش کە پێویستە دوا نەخرێت سەربارەت بە دەسەڵاتی کوردی، ئەوەیە کە هەوڵ بدات لیژنەیەکی تۆکمە پێك بێت، کوردانی سەرجەم پارچەکانی کورد لەزمانزانان و زمانەوانانی تیادا بێت، بۆئەوەی بە زوترین کات فەرهەنگێکی کوردی کوردی کە شێوەزارێك بکات بە بنچینە و هەموو زارەکانی تری لەگەڵدا بێت، ئەمە ڕێخۆشکەرێکی زۆر چاکیش دەبێت، هاتنەئارای یان برواپێدانی ئەو زمانەی کە دەمانەوێ پێی بڵێن زمانی ئەدەبی یەکگرتوو. لێرەدا پێم خۆشە شتێك بڵێم زۆرکەس وادەزانێ زمانی ئەدەبی یەکگرتوو ئەوەیە کە هەموو زارەکان بەسەریەکدا بترشێنیت و زمانێکی لێدروستبکەیت، ئەمە بۆچونێکی زۆر هەڵەیە، بەڵێ راستە ئەو شێوەزارەی ڕێچکەی ستانداربوونی گرتووە یان دەیگرێت دەکرێ لە هەموو وشەو زاراوەکانی زارەکانی تر کەڵك وەربگرێ و بیانهێنیتە ناوەوە، بەڵام بەو واتایە نییە کە چۆن بڵێی شێوە زارەکان بەسەریەکدا بترشێنیت و بترجێنرێت و وەك هەویر شتێکی تریان لێدروست بکرێت.





## دڵسۆز حەمە:

# هەڵکەوتەی ئینسانیی و میزاجی من، تەنها بۆ شیعرنووسین گونجاوە



سازدانی: شەمێران سلێمان

*** شیعرەکانت بوێرییەکی زۆری پێوە دیارە، تۆ دەتەوێت وەکو ژنێکی چاونەترس باس لەناخی هەموو مێینەیەك بکەیت، ئەم بوێرییەش لای شاعیرە ئافرەتەکانمان کەمە بۆچی؟**

پرۆسەی (گوزارشتکردن) وەك زەمینەی هونەریی و بابەتی بەرهەمهێنانی هەر تێکستێکی ئەدەبی و هونەریی نووسراو لەدونیای ئەدەب و روناکبیریی و داهێنانی ئێمەدا بەدرێژایی مێژوو

**بەبڕوای من عەشق وەکو بەختەوەریی ڕێکەوتێکە، هەرکەس بەجۆرێك سەردەکات بەژیانیداو ڕەنگە بۆهەندێکیتر تامردن ڕێکەوتی نەکەن**

سروشتی گوزارشتکردنی (دەنگێکی کۆیە)، دەنگی کۆمەڵگایەك کە گوزارشت لەخەمێکی ئینسانی گەورەی گشتیی دەکات، خەمی خاکێکی داگیرکراو و کۆمەڵگایەکی بندەست، ئەم پرسە بەدرێژایی مێژوو فراوانترین پانتایی ڕووناکبیریی و داهێنانی ئێمەی داگیرکردووە، نووسین بۆ خاك، دەنگهەڵبڕین و گوزارشتکردن لەحیکایەتی بەرەنگاربوونەوەی بەردەوام لەگەڵ دڕندەترین دوژمندا، وردبوونەوەی زیاتری حیکایەتەکانی لەخۆدا ونکردووە، مرۆڤ وەکو بوونیادێکی سەربەخۆ، وەکو بابەتێکی سەنتراڵ بەهەموو پێکهاتە دەروونی و جەستەیی و سۆزدارییەکانی، بەهەموو ئەو ڕەهەندە زۆرو پێچیدە پەنهانانەی کە دەشپەیوەندییە ئینسانییەکانداو لەپێکهاتەی هەموو مرۆڤێکدا بوونی هەبێت، ئەم بوونیادە کەوتووەتە ژێرەوەی خەمە گشتییەکانەوە، تاك وەکو زەمینەو مەبەست و ئامانجی بوونیادێکی سەربەخۆ غائیب و لەبیرکراوە، هەر لەمەلای جەزیری و ئەحمەدی خانی تا دەگاتە شێرکۆ بێکەس، پرسی ناسیۆنالیستی و مەسەلەی چەوساندنەوەی ئینسانی کورد، بەمانای پرسی گشتیی هێندە بابەتێکی سەنتراڵ و بەرفراوانترین پانتایی گوزارشتکردن و نووسین و داهێنانی لەدونیای ئەدەب و ڕووناکبیریی ئێمەدا داگیرکردووە، دەتوانم بڵێم، پرسی نەتەوایەتی و بندەستی ئینسانی کورد بەڕادەیەك ڕەگوڕیشەی لەخەیاڵی داهێنان دونیای تێکست و داهێنانی ئێمەدا بڵاوکردووەتەوە کەئیدی ئەوەی قسەدەکات و دێتەگۆ، دەنگێکی دەستەجەمعی و کۆیە، ئەو پرسەش کە تەواوی پرسە ئینسانییەکانی تری داپۆشیوەو پانتایی دیکەی نەهێشتووەتەوە بۆ دیتن و قسەلەسەرکردن و لەسەر نووسین، کە پرسی کۆیە، هەربۆیە وەختێك گوزارشت لەبابەتێکی وەهادا تێکستێك بەرهەم دێنێت، زەحمەتە تایبەتمەندییەکانی نووسەر لەو بابەتەدا ڕەنگبداتەوەو شوناسی ژن بوونی خۆی بەسەر تێکستەکانەوە دیاربێت ئەمە لەلایەك،





لەلایەکی ترەوە فەرهەنگی کۆمەڵایەتی ئێمە، فەرهەنگێکی نەریتی چەپێنەرە، فەرهەنگێکە لەسەر چەپاندن و سەرکوتکردنی گوزارشتکردنی ئینسان خۆی، بیناکردووە، گوزارشتکردن لەبوونیادی دەروونی و سۆزداریی مرۆڤ لەو تابۆو گوناهە گەورانەیە کە کۆمەڵگا سنووری ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و نەریتیی زۆر سەخت و قورسی لەسەر داناوە، هەر بۆیە تێپەڕاندنی ئەو سنوورانەو هەوڵی دۆزینەوەو بەدیارخستنی ئەو پانتاییە دەروونی و ڕۆح و ئینسانیانەی لەپێکهاتەی ئینسانی ئێمەدا بوونیان هەیەو کۆمەڵگا بەئامرازە فەرهەنگییە چەپێنەرەکانی دەیەوێت بێدەنگ و تاریکیان بکات، بۆ گەیشتن بەو پانتاییانەو بەرهەمهێنانی تێکستێك لەوێدا پێویستی بەهۆشیاری قوڵ و دەرکی قوڵترو بەردەوام هەوڵی گەڕان و خۆپەروەردەکردن و ئامادەگی و قوربانیدان و بەردەوامیی گەرەکە، گەیشتن بەپانتایی هۆشیاری، تێگەشتن لەوەی مرۆڤ بۆ دەنووسێت، بەجێهێشتنی کۆمەڵگا بەمانا میتافیزیکیەکەی و بیناکردنی دونیایەك لەولاوەتر، کارێکی ئاسان نییە، بەتایبەتی بۆمێینەکانی کۆمەڵگایەك کە لەسەر ژمارەیەکی غەریب لەمۆبایلەکەیدا، ڕەنگە بکوژرێت، لەسەر خۆشەویستی و هەڵبژاردن بەردباران بکرێت تامردن، لەسەر نامەیەکی دڵداریی لێدان و سزای قورس بدرێت، ئەمانە هەمووی گوزارشت و هەڵبژاردنە، ئەگەر ئەمانە هێندە لەم فەرهەنگەدا باجەکانیان گران بێت، بێگومان کاریگەری خۆی دەکاتە سەر ئاستی نووسینی ژنان چۆنێتی نووسینی ژنان، دەسەڵاتی نەریت سێبەری خۆی دەخاتە سەر ئامادەیی نووسینی ژنان، بەدرێژایی مێژووش هەروابووە، ئێمیلی برۆنتی و شارلۆت برۆنتی، تەنانەت ڤێرجینیا ولف، لەئەنجامی ئەو فشارە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەی ئەو کات لەسەر پێگەی کۆمەڵایەتی ژنان هەبووە لەسەدەی حەڤدەیەمدا لەئینگلتەرە بەناوی پیاوانەوە نووسینەکانیان بڵاوکردووەتەوە. هەموو دەقێك گوزارشت لەبابەتێك، پرسێك دەکات، من تاکێکم سەر بەفەرهەنگێکی دیاریکراو بەهەموو پێکهاتە مێژوویی و نەریتی و ئینسانی و ماترپالییەکانیشەوە کە لەدەیان کەناڵ و ڕێگاو ڕەهەندی جیاوازەوە دەچمەوە سەر ئەو ئازارە گەورانەی کە کۆمەڵگاکەم تێیدا دەژی، ژنبوونی من یەکێکە لەو ڕەهەندانەی کە بەبێ ویستی خۆم لەگەڵ ژیان و چارەنووس و ئازارەکانی هەزاران ژنی تری هەمان کەلتوورو کۆمەڵگادا، هاوبەش بین، بێئەوەی مەبەستی منیش ئەوە بێت لەجیاتی ئەوان قسەبکەم، هەر بۆ نموونە تەنهایی فراوانترین پانتایی ژیانی ژنانی ئێمەی داگیرکردووە، تەنهاییەکی بکوژ بەهەموو مانا کۆمەڵایەتی و دەروونی ئینسانییەکانی، تەنهایی لەژیانی ئێمەدا بەرهەمی توندوتیژیی ودابرانی کۆمەڵایەتی و ئینسانی مرۆڤەکانە لەیەکتر، کە لەزۆربەی کاتدا ژنەکان زیاترو گرانتر باجەکەی دەدەن، بوێریی و چاونەترسی دەکرێت دەیان تەفسیرو مانای جیاوازیان هەبێت، ئەگەر بوێریی قودرەتی گوزارشتکردنی مێینەیەك بێت لەخۆی وەکو زاتێکی ئازاد، وەك زمانێکی ئازاد، وەکو ئینسانێك بەهەموو پرسیارو هەست و ئازارەکانییەوە، بەهەموو ڕەهەندە ڕۆحی و دەروونی و ئینسانییەکانی خۆیەوە لەهەمبەر ژیان و دونیادا، ئەوا من ئازارەکانی ئەو بوێرییەم هەڵبژاردووە.

**بۆچی ئافرەتە شاعیرەکانمان نەیانتوانیوە ببنە دەنگێکی گەورەو دیار لەئەدەبی کوردیدا؟ ئەوەی دەیبینین دەنگێکی کپەو نەبووەتە دەنگێکی گەورە؟**

مێژووی بڵاوبوونەوەی سیستماتیکی خوێندەواریی و فێربوون لەناو ژنانی ئێمەدا مێژوویەکی درێژی نییە، هەربۆیە ئەگەری هەڵکەوتنی ژنێکی شاعیریش ئەگەرێکی کەمترە، بەدرێژایی سەدەی نۆزدە مەستورە خانی ئەردەلان هەڵدەکەوێت کە ئەویش پێگەو دەسترۆیشتوویی خێزانەکەیان، توانایی فێربوون وشانسی تێکەڵاوبوونی ژیانی بۆ فەراهەمکردووە، پاشان فەرهەنگی کۆمەڵایەتی ئێمە فەرهەنگێکی کۆنەپەرستانەیە، پێگەی ژنان پێگەیەکی پاشکۆیە، کۆمەڵگا بەئامرازە نەریتی و فەرهەنگییەکانی بەردەوام کاردەکات لەسەر پەراوێزکردنی زیاتری ژنان و پاراستنی ئەو پێگە سنووردارکراوەی کە بۆی وێنە کێشاوە، یەك لەو ئامرازانەی کە کۆمەڵگا بەکاریاندەهێنێت، لێسەندنەوەی خەیاڵی گوزارشتکردن و دەنگهەڵبڕین وئازادیی گوزارشتکردن و بیرکردنەوەیە، کە ئەمانە ئامرازە گرنگەکانی نووسین و داهێنانن، ئەگەر کۆمەڵگا بەردەوام لەسەر بەگوناهکردنی جەستەو بەگوناهکردنی دەنگهەڵبڕین و بەعەیبەکردنی گوزارشتکردنی ژنان کار بکات، دیارە زەحمەتتر دەبێت بۆ ژنان کە هەموو ئەو سنوورو لەمپەرانە بتوانن بشکێنن، ئەو فەرهەنگە چاوەڕوانییەکانی لەمێ کورتکراوەتەوە بۆ ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی ناو چوارچێوەی خێزان و ئەو توانا بایۆلۆژیانەی کە لەسروشتدا ئافرەت خۆی هەڵگریەتی، بۆ کارکردنی ئەو

◆

**هەروەکو چۆن سەر زەمینی ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی هەر کوردستانە، هەمانکات لای مارکیزو میلان کۆندێراو ئەپسنیش، کۆلۆمبیاو چیك و نەرویج سەر زەمینی جوگرافی ڕۆمانەکانی ئەوانە**

◆





سیستمە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەو بەرهەمهێنانی ژن بەو مۆدێلە، ژنێك خاڵیی لەخەیاڵی جوانیی، خاڵیی لەگومان و پرسیارکردن خاڵیی لەئارەزووی نووسین و فێربوون و موغامەرەکردنی نووسین و داهێنانی دونیا جیاوازەکان، بۆ ئەو مەبەستە سیستمێکە نەریتی بەهێزو ترسناکی لەخەیاڵی گشتیدا بیناکردووە کە هەمووومان لەرێککەوتنێکی قسەلێنەکراودا لەسەری رێککەوتووین، سیستمێك کە قورسایی زۆری دەسەڵاتی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکانی لەسەر سەرکوتکردنی دەنگی ژنان و چەپاندنی ژنان بیناکردووە، لەو سیستمە نەریتییەی ئێمەدا خێزان و پیاو دەسەڵاتی ڕەهایان بەسەر ژیان و چارەنووسی ژن و منداڵەکانەوە هەیە تارادەی لێسەندنەوەی ژیان، نووسین مانای ئازادیی لەقسەکردن، ئازادیی لەگوزارشتکردن و کێشانی وێنەکان، جیاواز لەوەی کە هەیە،ماڵێك لەدەرەوەی کۆمەڵگاو سیستمە باوەکانی قسەکردن و بیرکردنەوە، ماڵێك لەفانتازیاو بینین بەچاوی ترەوە، ئەو ماڵەی کە پرۆسەی نووسین و بیرکردنەوەو داهێنان پێویستی پێیەتی، پانتاییەکە کە دەستەبەرکردنی لەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەی کە باسمکرد کارێکی زەحمەتە، هەربۆیە ڕەنگە لەدواجاردا ئەو ژنانەش کەم بن کە ئارەزوویانە پێ بخەنە ئەو دونیا سیحراوییەوە، دونیایەك کە ڕەنگە باجی گران و دەردەسەریی زیاتری لەدواوەبێت، نووسین بەدیویێك لەدیوەکاندا هەڵوێستە لەهەمبەر ژیان و جارێکی دی پێناسەکردنەوەی پێکهاتەکانی، لەکاتێکدا ژن لەفەرهەنگی ئێمەدا هەمیشە ئامادە دەکرێن بۆ ئەوەی ببینە مەخلوقێکی پاسیڤ، بوونەوەرێکی پاشکۆو بێهەلوێست لەژیان و بوون، بگرە بێدەنگی و بێزمانیی ژن یەکێکە لەو سیفاتانەی کە کۆمەڵگا وەکو بەهایەکی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی بانگەشەی بۆدەکات، لەوەش بترازێت تەجاهولکردنی دونیای ڕووناکبیریی بۆ دەنگ و ئامادەیی ژنان لەو دونیایەدا یەکێکە لەهۆیەکانی تر، دونیای ڕووناکبیریی ئێمە، دونیایەکی تەواو نێرانەیە، نێر لەبیرکردنەوە بەرهەمهێنانیشدا، نێر لەدیتن و خوێندنەوەو دونیابینیدا، هەوڵی جێکردنەوەی ژنانی شاعیر لەو دونیا نێرانەیەدا وەکو خەباتی کورد وایە بۆ بەدەستهێنانی ناسنامە، لەگەڵ سەرهەڵدانی چەند دەنگێکی بەهێزی ژنان لەدونیای شیعردا لەناوەڕاستی هەشتاکانەوە تائێستاکە، بەڵام وەکو پێویست دان بەو دەنگانەدا نەنراوە، ئەمڕۆ مۆدێلێکی تری خوێندنەوە پێدەچێت لەدونیای سیاسییەوە هاتبێتە ناو دونیای ڕووناکبیریمان، مۆدێلی گروپگەرایی و ناسیاو و خزمگەرایی، ڕۆژانە بەناوی ڕەخنەوە چەندەها رووپەڕی گۆڤارو ڕۆژنامە ڕەشدەکرێتەوە، لەسەر شیعرێك، تێکستێك کە هەرچەندە سەرنج لەو تێکستە دەدەیت هەر پەیوەندی بەشیعرەوە نییە، هیچ ڕەگەزێکی هونەریی و جوانکاریی و داهێنانی تێدا نییە، بەڵام لەسەر زەمینەی برادەریی و ناسیاویی و هاوگروپی، ئەم دەستەیە بەودەستەیەی دیدا هەڵدەدات، ئەم برادەر لەسەر ئەوی تریان دەنووسێت، تەنانەت یەکتری دەکەن بەبۆدلێرو ڕامبۆ و عیملاق وشتی تر، بێگومان شاعیری ژنمان هێجگار کەمە، شاعیری جددی لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانم بڵێم دەقی وەها بەرهەمهاتووە کە بەهای هونەریی و مێژوویی و ئەدەبی بەرزی هەیە، بەڵام نەخۆشییەکی تر کە لەناو کۆمەڵگاوە شۆڕبووەتەوە بۆ ناو دونیای ڕووناکبیریمان و کاریگەری ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ناسینی قەبارەو پێگەی ئەو دەنگە ژنانەی کە ئەمڕۆکە ئامادەییان هەیە، نەخۆشیی خۆبەکەمزانین، نەخۆشیی نەبوونی باوەڕو متمانە بەداهێنان

لەرۆحی کۆمەڵگای کوردیدا، وەختێك مامۆستای خوالێخۆشبوو (ئیبراهیم ئەحمەد) رۆمانی ژانی گەلی نووسی، زۆرێك دەیانوت ئەمە لەدیمەنی (خۆپیشاندان)ی(شارل شاپلن)ەوە وەرگیراوە، کە (بەختیار عەلی) شاری مۆسیقارە سپییەکانی نووسی، وتیان لەکەمانچەژەنی وەرگرتووە، کە ئێوارەی (پەروانەی نووسی) وتیان (لەچاوەکانی) بزورگی عەلەوی بردووەو زنجیرەکە درێژە، ئەمرۆش (فەروغی فەروغزاد) بەسەر زاری زۆرێك لەو خوێندەوارانەوەیە کە رەنگە شارەزاییەکی وەهاشیان لەسەر شیعرەکانی فەروغزاد نەبێت، بێئەوەی بەو گرنگییەوە لەو تێکستانە بڕوانن کە ژنانی شاعیری ئێمە لەم ساڵانەی دواییدا بەرهەمیان هێناوە، فەروغی فەروغزاد زۆر لەتەمەنێکی گەنجیدا سەری نایەوە، تاقە دیوانێك کە بەهایەکی هونەریی گەورەی هەبوو، گۆڕانی گەورەی نەوعیی لەداهێنان و دونیابینی ئەو شاعیرە گەورەیەدا بەرجەستە کرد، دیوانی (لەدایکبوونێکی تر) بوو، ئیدی ئەوانەی لەوەبەر وەکو خۆی دەڵێت (پەتای غەزەل گرتوومی) وەختێك مرۆڤ هەندێك لەشیعرەکان دەخوێنێتەوە گومان دەکات، کە ئەمە هی هەمان ئەو شاعیرە بێت کە شیعری (باوەڕ بهێنن بەهاتنی وەرزە ساردەکانی نووسیوە)، ئازایەتی و جەسوری فەروغ وەك فیگەرێکی رووناکبیریی ئەوکات، یاخیبوون لەژیانی باو، شێوەی ژیانی تایبەتی خۆی، حیکایەتی شوکردن و جیابوونەوەکەی و ئەوحیکایەتانەی لەدەووری بوون، بەزم و مەینەتییەکانی و راستگۆیی فەروغ لەگەڵ خۆیدا فاکتەرێکی گرنگی ناوبانگ پەیداکردن و سەرنجراکێشانی رەخنەگران بوون بەلای ئەودا، رەنگە ئەم رایەی من تا رادەیەك کوفرێکی گەورە بێت، بێگومان فەروغزاد ئەگەر ژنێکی کورد بوایە رەنگە هێندە نووسەرە نێرەکانی ئێمە بەگرنگی و رێزو ئیعجابەوە تەماشایان نەکردایە.

**ماوەیەکی کەم پێش ئێستا کتێبێکی شیعرییت بڵاوکردەوە (لەپاییزێکدا دەمخوازێت)، شیعرەکانی ئەم دیوانەت بەرهەمی کۆتایی هەشتاکانی تیایە تائێستا، واتە ساڵانێکی زۆرە دەنووسیت، بۆچی بەرهەمت کەمە؟**

بەخشین و داهێنان پەیوەندی بەبڕی ئەو نووسینانەوە نییە کە نووسەرێك بەرهەمی دێنێت، بەڵکو پەیوەندی بە بەهای هونەریی و هێزی داهێنان لەدەقەکاندا هەیە، من هەمیشە وەها بیر لەپرۆسەی بەرهەمهێنانی دەق دەکەمەوە، ئەگەر ساڵی شیعرێکیش بنووسم گرنگ ئەوەیە دەقێکی هونەریی بێت، رووداوێکی شیعریی بێت، دەقێك بێت بژی، وەکو ئەو دەیان تێکستە پان و پۆڕو دیوانە شیعریانەی رۆژانە بڵاودەبنەوەو دەکەونە بازارەوە مردوو نەبن، من دیدم بۆ نووسین ئاوەهایە، جگە لەوەش من خۆم بەنووسینی بابەت و لێکۆڵینەوەش سەرقاڵکردووە کە ئەوە لەسەر حیسابی شیعر نووسینە، پاشان من هەمیشە ژیانێکی ئارام و سەقامگیرم نەبووە، (کات) لەو سامان و دەستکەوتە گرنگانە بووە کە من هەمیشە دەستم نەکەوتووە، هەڵبەزو دابەزی دەروونی و رۆحی خۆم، بێباکیی و بێدەربەستی، دیارە لەڕابردوودامن شیعرم نەکردووەتە ژیان و چارەنووسی خۆم، بەداخەوە رەنگە ئەو ئازایەتی و جەسارەتەم نەبووبێت کە پەیمانێکی لەوجۆرە





لەگەڵ شیعردا ببەستم، بیرم بێت هیچ سەردەم و قۆناغێکی ژیانی من قۆناغ و زەمینەی لەبار نەبووە بۆ نووسین و داهێنان، بۆ فێربوون و کردنەوەی رۆح و خەیاڵ بەسەر پانتاییە بێسنوورەکانی خەیاڵ و فانتازیادا، ئەو ماڵەم نەبووە کە ڤێرجینیا وڵف باسیدەکات، هیچ کەسێك کۆمەك و پشتیوانی نەکردووم، هەرچییەك فێربووم یان بەرهەمم هێناوە بەماندوبوون و گەڕان و حەزی بێسنووری خۆم بۆ فێربوون و دۆزینەوەی ژیان فێری بووم، ئەمە جگە لەسروشتی کارکردن و خوێندنەکەم، (ساڵانێکی درێژ خوێندنی تەلارسازیی کات و قودرەتی زۆری دەوێت، تەلارسازیی (میعماری)یش وەکو شیعر، رەگەزی فانتازیاو داهێنان و هونەرەکانی ئیقاع و رێککەوتن و گونجان و پەیوەندی هونەری بابەتەکان، هەموو ئەمانە دەچنە پێکهاتەی خوێندن و کاری تەلارسازییەوە، کە ئەمانەش وەخت و رووبەرێکی فراوانی فانتازیاو خەیاڵ بۆخۆی دەبات، پاشان ژیانی تایبەتی و بەرپرسیارێتی منداڵ پەروەردەکردن و ژیان لەتاراوگە، ئەگەر کات نەبێت بەباشی بخوێنیتەوە، ئیدی چۆن دەتوانیت بنووسیت؟، ژیانی من هەرگیز زەمینەیەکی لەبارنەبووە بۆ شاعیربوونی من، بەڵام هەڵکەوتەی رۆحی و دەروونی و ئینسانی من تەنها بۆ شیعر خوڵقاوەو هیچی تر، لەلایەکی تریشەوە هەمیشە باوەڕم بەچۆنایەتی بەرهەم هەیە نەك چەندایەتی، (حەمە عومەر عوسمان) بە (لەغوربەتا) پانتاییەکەی هێجگار گەورەو تایبەتی بۆ خۆی لەئەدەبی ئێمەدا داگیرکرد، (ئەحمەد هەردی) لەدوای (رازی تەنهایی) چی دیکەی وەهای نەنووسی، کەچی یەکێکە لەپێشەنگەکانی شیعری ریالستی کوردی و یەکێکە لەشاعیرە گەورەکانی ئێمە.

**کام لەشیعرەکانت باس لەناخی خۆت دەکات و بەتەواوی لەگەڵ خۆتدا دێتەوە؟**

دیارە شیعر زیاتر لەهەر ژانرێکی تری ئەدەبی پێکهاتەی دەروونی و رۆحی شەخسی شاعیر جێگادەکاتەوە، هەموو شیعرەکانم باس لەناخ و دونیابینی و ئازارەکانی خۆم دەکات، کەمجار دەقێکم نووسیوەو نەگریابم، دڵتەنگی چڕ داگیری نەکردبم، هەموو ئەودەقانەی نووسیوومن لەناخ و رۆحمەوە نزیکن، ئەی من ناڵێم، هەڵکەوتەی ئینسانی و میزاجی من تەنها بۆ شیعرنووسین گونجاوە!

**عەشقێکی راستەقینە بۆ پیاوێك لەشیعرەکانتدا رەنگیداوەتەوە، ئێستاش چاوەڕێی ئەو عەشقەی (چونکە چاوەڕوانی لەشیعرەکانتدا دیارە)، یان پێیگەیشتووی؟**

بەبڕوای من عەشق وەکو بەختەوەریی رێکەوتێکە، هەرکەس بەجۆرێك سەردەکات بەژیانیداو رەنگە بۆهەندێکیتر تامردن رێکەوتی نەکەن، پەیوەندی بەهۆشیاریی و

ناهۆشیاریی، شایستەیی و ناشایستەیی مرۆڤەکانەوە نییە، مەبەستم لەرێکەوتکردنی عەشقدا، رەنگە کەسانێکی زۆرسادە رێکەوتی عەشقی قوڵ بکەن، یەکێکیتر نا، رەنگە یەك لەپێکهاتە گرنگەکانی پێناسەی عەشق پێکنەگەیشتنە، عەشق دەکەوێتە ئەو پانتاییە سیحراوییەی نێوان پێکگەیشتن و پێکنەگەیشتن، نێوانی ئەو سنوورە تەماوییەی وەسڵ و فیراق، نێوانی دڵنیایی و شپرزەبوون لەدواجاردا لەو پانتاییە بکوژەدا داهێنان بەرهەمدێت.

**بێجگە لەئەدەبی کوردی، بەرێچکەو ئەدەبی چ وڵاتێك گاریگەریت؟**

جگە لەزمانی کوردی بەزمانەکانی عەرەبی و فارسی و هۆڵەندی و ئینگلیزی دەتوانم بخوێنمەوە، بەعەرەبی و هۆڵەندی و ئینگیلیزی دەتوانم بنووسم، لەرێگای ئەو زمانانەوە ئەدەبی جیاوازی گەلان بەگشتی دەخوێنمەوە، ئەدەبی روسی لەو ئەدەبە رەسەن و جوانانە بوو کە لەقۆناغی سەرەتای خوێندنەوەمەوە کاری تێکردم، بەتایبەتی تۆرژینۆف، دیستۆفسکی جینگیزی ئیتماتۆڤ، ئەدەبی عەرەبی و فارسی، بەدر شاکر سەییاب لەو شاعیرە گەورانەیە کە هەرجارێك بەرهەمەکانی دەخوێنمەوە جوانیی تازەتر دەبینم، ئەدەبی فارسی و ئەدەبی ئەمریکای باشوور لەو ئەدەبانەیە کە زۆر بەسفیرەکەیان سەرسامم، من خوێنەرێکی موعتادم، خوێندنەوە بۆ من، لەگەڵ ئەوەشدا کە یەکێکە لەخۆشییەکانی ژیانم، لەهەمانکاتدا پێویستییەکی پرۆسەی نووسینە، هەمیشە زۆر دەخوێنمەوە کەمتر دەنووسم، حەزی تێگەشتن و گەران و دۆزینەوەی ماناکانی ئەم ژیانە، گومان لەپێدراوەکانی ژیان، ئومێدی دۆزینەوەی مانایەکی جوانتر، ژیانێکی کەمێك دڵنەرمتر موعتادیان کردووم، لەسەر گەرانی بەردەوام و فراوانکردنی فزولی خوێندنەوە، زیاتر خوێنەری چیرۆك و رۆمان و فیکرم، شیعری خراپ ناخوێنمەوە، هەر لەدێری یەکەمدا دەزانم ئەم شیعرە دەیهێنێت کاتی پێوە بکوژیت یان نا، شیعری وەرگێراو بەگشتی و شیعری رۆژئاوام بەتایبەتی حەز لێ نییە، شیعری ئینگلیزی و ئەمریکایی و هۆڵەندیم حەز لێ نییە، با رامبۆ گەورەترین شاعیرەکانی ئەدەبی فەرەنسی و شیعری هاوچەرخ بێت لەرۆژئاوادا، من حەز بەشیعرەکانی ئەو ناکەم، ناتوانم هیچ پەیوەندییەکی رۆحی لەگەڵ دەقەکانی رامبۆو بۆدلێرو تەنانەت بایرۆنیش ببەستم، هێندەی لەگەڵ دەقێکی موتەنەبی یان سوهراپی سوپهەری یان ئەحمەدی شاملۆدا دەیبەستم، شیعر مانای رۆح، رۆحی زمان و کەلتوورێکی تایبەتی، رۆحی رۆژئاواو رۆژهەڵات، تەواو دوو رۆحی جیاوازە، بۆیە شیعرەکانیش دوو دونیای جیاوازە، ناتوانم بڵێم بەکامە ئەدەب کاریگەرم، زیاتر نووسەرەکان دەتوانم دەستنیشان بکەم، میلان کۆندێراو مارکیزو سادقی هیدایەت و سەلمان روشدی و بەختیار عەلی لەو نووسەرە زۆر گەورانەن لەلام کە هەرچییەك بنووسن دەخوازم بیخوێنمەوە، خوێندنەوەی





من پرش و بڵاوەو بەبەرنامە نییە، هەرچی بەدەستم رابگات دەیخوێنمەوە، رۆژانە بەدەیان رۆمان و چیرۆك و دیوانی شیعر دەکەونە بازارەوە کە داهێنانی زۆر گەورەو سیحری گەورەتریان هەڵگرتووەو نووسەرەکەشی ناوێکی دیار نییە، لەوانە هەرچیم بەدەست کەوت دەیخوێنمەوە.

**بەخۆشەویستی شووتکردووە؟ شیعرت بۆ هاوسەرەکەت نووسیوە؟**

بەرێکەوت و رێکەوتن زەواجم کردووە، لەیەکەمین نیگاوە توانی دڵم داگیرکات، دە ساڵە پێکەوەین، بەهەموو رۆژە گەش و رەشەکانیشەوە، بیرمان نەچێت من ئەندازیاری تەلارسازیم و پۆستێکی زانستیم هەیە، فەرمان پزیشکی جەراحە، شیعری (ئەمبولانس)م بەتایبەتی بۆ ئەو نووسیوە.

**وشەکانی (تەنیایی–پاییز–پیاو) زۆر دەبینرێت، ئەو وشانە چ کاریگەرییەکی رۆحییان هەیە لەسەرت؟**

هەموو شاعیرێك دونیای شیعریی خۆی هەیە، ئامرازی گوزارشتکردنی تایبەتی خۆی هەیە، سروشت لەلای گۆران، پێکهاتەکانی سروشت ئامرازەکانی دونیای شیعری گۆران بوو، تەنانەت لەوەسفکردنی خۆشەویستەکەشیدا، وێنەی شیعریی، وێنەکێشان بەوشەکان، ئامرازی دونیای شیعری هێجگار دەوڵەمەندی شێرکۆ بێکەس–ە، ئەو وشانەی باستکردوون لەرۆح و دونیابینی مندا جێگایەکی سیحراوییان هەیە، تەنهایی و پاییزو پیاو جگەلەوەی خۆیان وشەگەلێکن پڕی مۆسیقاو پڕی ئیحاو پڕ لەزەنگدانەوەی دونیایەك خەیاڵ لە زهنی بەرامبەردا، جگە لەم سیفەتانە هەمووی کە تایبەتن بەو وشانە خۆیان، جارێکیتر لای من ماناو جوانی و سیحرێکی قوڵتریان هەیە، پاییز، نەك تەنها وەرزێکی شاعیرانەیە، بەڵکوئەو وەرزە بۆ من ئەو سفیرە رۆحی و ئیستاتیکییەم پێدەبەخشێت کە لەبەلای منەوە جوانە، غەمگینی جۆرێك ویقار دەداتە مرۆڤ، دڵتەنگی و بێدەنگی قوڵ رەهەندێکی قوڵتر دەداتە مرۆڤ کە رەنگە کەسێکی تەماشاچی نەبیت لەژیاندا، پاییز لەو سفیرە دڵتەنگ و شپرزەو پڕ لەهەیاهۆی وەرینی گەڵاو جێگا داخستنی ماڵ و دەرهێنانی جلی گەرم و خۆئامادەکردنێکی سەیرە، پاییز لەو وەرزە پڕ جوانی و سیحرەیە، کە هەرچی رەنگە جوانەکانی سروشتە لەو وەرزەدا بەدیاردەکەوێت، رەنگە تۆخ و گەرم و پڕ لەجوانییەکان، قاوەیی و زەردو ئەرخەوانی و زیرەیی و سوورو پرتەقاڵی، ئەو رەنگانەی نەك جلەکانم، بەڵکو ماڵەکەشم لەو رەنگانەیە، پاییز بەو سفیرە دڵتەنگ و مەلول و گەڵارێزانەوە، هێندە هەستی گەرم و تایبەت دەبەخشێتە من کە ناتوانم تەفسیریان بکەم، هەموو وەرزەکان شوناسێکی کۆمەڵایەتی و دیاریکراویان

هەیە، شوناسێکی کەشناسیان هەیە، بەهار سەوزە، هاوین گەرمە،زستانیش سارد، بەڵام پانتایی جوانی و دوودڵی و میزاجی شپرزەی پاییز، سحیری ئەو وەرزە لەوەدایە، رۆژێك ساردە، رۆژێك گەرم، رۆژێك بارانە رۆژێکی تر هەتاوێکی زێرین بەسەر گەڵای وەریوی دارستانەکەدا بڵاودەکاتەوە، وەرزێك تەواو لەگەڵ میزاجی دڵتەنگ و هەمیشە گۆڕاوی مندا زۆر دەگونجێت، بەکورتی پاییز وەرزێکی قوڵە، وەرزێکی پڕی ویقاری مەلولی، شوناسی ئەو پەیوەندی بەوساتە وەختانەوە هەیە کە نمایشی خۆی دەکات، تورەیەو رەشەبایە، یان ئارامەو هەتاوەکەی ناتوانێت گەرمان کاتەوە، بۆیە بەدڵتەنگییەوە گەڵاکان دەوەرێن و رێبوارەکان تێدەپەرن، لەهۆڵەندا کە وڵاتی دارستان و دارودرەختی زۆرە زیاتر سیحرو جوانی و مانا قوڵەکانی ئەو وەرزەم بینی، (تەنهایی)، پێموایە هەموو مرۆڤێکی هۆشیار برێکی زۆر تەنهایی دەکەوێتە ژیانییەوە، هێزی ئەو دەرك و بینینەی هۆشیاری دەیبەخشێتە مرۆڤ وا دەکات کە زیاتر دەرك بەمەینەتییەکانی ژیان بکات، زیاتر ئازارو ناعەدالەتییەکان بناسێتەوە، چی لەسەر ئاستی کۆمەڵگاو پەیوەندییە گشتییەکان، چی لەسەر ئاستی تاکەکەسی، ئەگەر ئەو مرۆڤە ژنێك بێت دیارە، پانتایی ئەو مەینەتی و ئازارانە گەلێك فراوانتر دەبن، من رۆحێکی تەنهام، زەحمەتییەکی زۆر دەبینم لەپەیوەندیکردن بەوانی ترەوە، رەنگە هەڵەی قورسی ژیانی من نەتوانینی جیاکردنەوەی سنووری پەیوەندییەکان بێت، من دەخوازم ئەو رێبوارەی کە بۆچەند چرکەیەك لەمیترۆکەدا لەتەنیشتم دادەنیشێت کەسێکی راستگۆ بێت، سەمیمی بێت لەهەڵسوکەوتی بەقەدەر لەپانتایی ئەو چەند چرکەیەی کە لەژیانی مندایە، لەکاتێکدا لەواقیع و ژیاندا رۆژانە بەرەو رووی ساتەوەختی وەها دەبیتەوە کە قوڵترین ئازار، گەورەترین درۆ رەنگە لەو کەسانەوە بەرووتا بتەقێتەوە کە دەیان ساڵە لەپەیوەندیدایت لەگەڵیان، هەموو سەردەمەکان گرفت و ناشرینی خۆی هەیە، ئەم سەردەمەی ئێمە سەردەمی پاشەکشەی بەها ئینسانییەکانە بەهەموو ماناکانەوە، سەردەمی تەنها کەوتنی مرۆڤ و دڕندەبوونی تەواوی ئەو سیستمانە کە جیهان بەڕێوە دەبات، سەردەمی توندوتیژیی و دەرکەوتنی کەڵبە خوێناوییەکانی سیاسەت و بەرژەوەندیی، من ناتوانم لەخەمە گشتییەکان بێلایەن بم، وەختێك لەهەر چرکەساتێکدا چوار هەزار منداڵ لەبرساندا دەمرن لەسەرانسەری دونیادا، لەهەر چرکە ساتێکدا دە هەزار رووداوی دەستدرێژیی سێکسی روودەدات، کە ئاوڕ لەچیرۆکی ئەنفال و قوڵایی ئەو تراژیدیایە دەدەمەوە، من تەماشای ناکەم وەکو مێژوو و رووداوێك، بەڵکو وەکو ژیانێك لەنزیکمدا، ئێستاکەش ماسۆشیانە خۆم وردەکاریی چیرۆکە زۆرەکانی ئەنفال دەخەمەوە پێش چاوی خۆم و لەگەڵیدا ئازار دەخۆم، دەگریم و خۆم عەزاب دەدەم، لەچاوی منداڵەکانی خۆمدا، چاوی ترساوی منداڵانی بەر دەستەی ئیعدام دەبینم، ترس دەچێتە رۆحمەوەو هەموو ئەم ژیانە بەهایەکی نامێنێت، بەڵکو هەموو ماناکان پوچ





و هەموو جوانییەکان مانایەکی نامێنێت، هەستدەکەم ژیان لەسەر ریتمێکی زۆر هەڵە دەچێت بەڕێوە، هەڵەیەك کە هەرەشە لەهەموو بەهاکان دەکات، ئەو هەموو ناشرینی و نادادوەریی و تاوان وماڵوێرانییە بەشەرییەی بەرهەمهێناوە کە تێیدا دەژین، من ناتوانم لەتەنیشت ئەو وێرانەیەدا بەختیاریی بینا بکەم، بەڵکو بەختیاریی خۆی هەیە؟، دیارە من لەقوڵاییدا باوەڕم بەسەرکەوتنی راستی و هاتنەدی عەدالەت نییە، بەڵکو لەو دونیا بچووك بچووکانەی خۆشماندا کە پێکەوە گرێدرواین، لەو بۆندە ئینسانییە باریکانەشدا پانتاییەکی فراوانی ناراستگۆیی و ناشرینی و شەڕەنگێزی مرۆڤ لەهەمبەر یەکتریدا دەبینی کە مرۆڤ دڵی بەژیان دەسووتێت، دڵی بەچارەنووسی منداڵەکانی دەسووتێت، باوەڕموایە کە بینین یان پەیداکردنی پەیوەندییەکی ئینسانی پڕی راستگۆیی و جوانی و خۆشەویستی و لەخۆبووردوویی لەڕووداوە دەگمەنەکانە، مرۆڤەکان تەنهان، بەڵام ئەوە هۆشیارییە کە چاو دەبەخشێتە هەندێکمان پانتایی و قورسایی تەنهایی خۆمان ببینین، من رۆحێکی تەنهام جگە لەوەی ئەو ئازارانەی کە رەنگە لەژیانی مندا هەبن زۆر دەگمەن بن، هاوکات دەستکەوتنی ئینسانێکی راستەقینەش دەگمەنە کە رۆحت بخوێنێتەوە، تەنهایی من بەشێکی بەرهەمی هۆشیاریی و دونیابینییە، بەشێکی تری ئەو هەڵکەوتە رۆحی و دەروونییەی کە سەرشارە بەڕاستگۆیی، ئازارێکی زۆر دەبینم لەپەیوەندیکردن بەو شارەی لێوانلێوە لەماسك و دەموچاوی خوازراوە، (یوسف ئیدریس)ی رۆماننووس، نووسەر (الحی اللاتینی) دەنووسێت: باش بوو من ژن نەبووم، چەند زەحمەت دەبوو بۆم، بەم هۆشیارییەوە، ژنێکی نووسەر بوومایە، رەنگە ئەو زۆر چاك دەرکی بەو تەنهاییە کردبێت کە هۆشیاری و میزاجێکی شاعیرانە کەسێك دەهارێت لەدونیایەك کە هەمووی نادادوەریی و ناشرینی بێت، وشەی(پیاو)، دیارە دەبێت ئەوە زۆر ئاسایی بێت، چونکە من شاعیرێکی ژنم، ئەوەی پەیامەکەی ئاراستە دەکەم، ئەوەی عاشقی دەبم پیاوە.

**لەشیعری (ئاخۆ ئێستا چ دەکەی؟) لەچی تورەیت؟**

لەو ساتەوەختە تورەم کە بێدەسەڵاتی و دەستەپاچەیی مرۆڤی ئێمە لەهەمبەر ئازادیی و خۆشەویستیدا هێندە راستییەکی ئازاراوییە کە دڵت بۆ بچووکی و دەستەپاچەیی ئەو مرۆڤە دەسووتێت، لەوساتە وەختە تورەم کە تەنهایی دیوارت لێدەکات بەپەنجەرەو گردۆڵکەیەك بەشاخ و وەهمێك بەحەقیقەت.

**لەشیعرەکانتدا جارێك سوپاسی تەنهایی دەکەیت کە کوشتوویتی (تۆی کوشتووە)، جارێکیش دەڵێیت (هیچ بەهرەیەکی کوشتن فێرنەبووم...... دەنا..... تەنهایم دەکوشت) واتای ئەم دوو دێڕە شیعرەت دژیەکە، بۆچی؟**

دیارە شیعرنووسین تەسجیلکردنی ساتەوەختە، نووسینەوەی هونەری تێکستێکە

لەساتەوەختێکی زەمەنیدا، زۆربەی شاعیرەکانی دونیا کە لەسەر خۆشەویستییان نووسیوە، لەدەقێکدا پیاهەڵدان و لەوی تردا نەفرەتدان، تەنهایی جیاواز لەو پانتاییە ئەبستراکت و ئامادەیەی لەدونیای شیعری مندا هەیە بۆخۆشی جوانترین و ئازاراویترین ئامرازەکانی منە، بێگومان هەمیشە سوپاسی تەنهایی دەکەم، چونکە تەنهایی بەرجەستەکردنی جیاوازبوونی من و بەخشینی چێژو قولاّییەکە بەمانای ژیان لەلای من، سوپاسی دەکەم کە هەمیشە وام لێدەکات شتێکم هەبێت کە بیڵێم، ئازارێکم هەبێت کە بینووسم، خەمێکم هەبێت کە لێوەی بڕوانم، تەنهاییم بەڕادەیەك هەستی جیاوازی و شکۆداریم پێدەبەخشێت کە بتوانم بەرگە بگرم، هەر بۆیە سوپاسی دەکەم وەکو هێزێکی پۆزەتیف، بەدیوەکەی تردا، وەختێك کەسێك تاوانێکی گەورە ئەنجام دەدات، زیندانی دەکرێت، خۆ زیندانکردنی مرۆڤ چییە جگە لەمەحکومکردن بەتەنهایی، مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، تەنهایی ڕەنگە کوشندەترین حاڵەتی ئینسانی بێت کە دەکەوێتە ژیانی کەسێکمانەوە، لەم ساتەوەختەدایە کە دەخوازمبیکوژم.

**بەبۆچوونی تۆ ژیان و کەلتووری بێگانە بۆشاعیرێك کە لەتاراوگەو لەناو ئەو کەلتوورە جیاوازە لەکەلتووری دایك، چ کارلێکێك دروستدەبێت؟**

بەبڕوای من گەڕان و سەفەرکردن و بینینی ژیان و دونیاو فەرهەنگ و کەلتوورە جیاوازەکان لەباشووری ئەفریقاوە هەتا جەنگەڵەکانی پیرۆو شیللی، لەلاوس و کامبۆدیاوە هەتا پانتایی ئەورووپاو ئەسکەندنافیا، گەڕان بەژیاندا، ئەگەر بۆ مرۆڤێکی ئاسایی بەکەڵك و خۆش بێت، ئەوا بۆ شاعیرو هونەرمەندو نووسەران لەپێویستییە هەرە گرنگەکانە، سەرکردن بەناو فەرهەنگە جیاوازەکاندا تەنها لەڕێی ئەدەب و خوێندنەوەی کتێبەکانەوە بەس نییە، کەلتوورەکان دەیان ڕەهەندی فیزیکی و کۆمەڵایەتی و میعماریی و ئینسانی تری جیاوزیان هەیە کە دەیان پەنجەرەی دیتن بۆ بینین و بیرکردنەوە دەکاتەوە، پانتایی بینین و بیرکردنەوەو تێگەیشتنی فراونتر دەکات، فراوانکردن بەمانا ناوەکییەکەی نەك مانای ماتماتیکی، دەستپێکردنەوەی ژیان لەناو کەلتوورێکی تازەدا موغامەرەیەکی گەورەیە بەتایبەتی بۆئێمە کە کۆچ و بەجێهێشتنی وڵات لەساتە وەختێکدا بوو ڕێگاو چارەنووسی ئێمە کە سەرخۆشانە دوکەڵی شەڕی یەك لەدوای یەکەکان بەشەڕی ناوخۆشەوە، هەرچی جوانی وهێمنی و مانایەك هەبوو بۆ ژیان، نەیهێشت بوو، جوانترین ڕۆژەکانی تەمەنی ئێمە لەو دوکەڵانەدا بۆنی سووتان و خوێنی لێدەهات، هەر بۆیە کۆچیش لە دەرەوەدا بڕیار بوو، بەڵام لەناوەڕۆکدا جەبرێکی قورس بوو بەسەر ژیانی نەوەیەکەوە کە بۆ هەناسەیەك دەگەڕا، ژیان لە ناو ژینگەی فەرهەنگی دۆمینانتی ئەورووپادا ئاسان نییە، کەڵك وەرگرتن، کاریگەربوون بەو فەرهەنگە پەیوەندی بەو شاعیرە خۆیەوە هەیە کە ڕەنگە دونیاکەی دەوڵەمەندتر بێت یان هەژارتر، نووسین جیاواز لەهەر ژانرێکی هونەریی چالاکییەکی تاکلایەنە نییە، وەکو شانۆکارو گۆرانیبێژو مۆسیقار کە پێویستیان بەجەماوەر هەبێت، هەر بۆیە دیاردەی شوێن گوێزانەوە لەناو زۆربەی نووسەرانی دونیادا ئەگەرێکی ئامادەیە، بەتایبەت





ئەوانەی لەوڵات و زێدی خۆیان دەکەوتنە بەرفشارو هەڕەشە، زۆر شاعیرو نووسەرمان هەبوو کە هاتنە تاراوگە کوژانەوە، هەندێکی تریشیان نەك هەر بەردەوام بوون، بەڵکو بەهەنگاوی گەورە چوونە پێش، وەککاك شێرکۆ بێکەس و بەختیار عەلی، زۆربەی نووسەرە گەورەکانی دونیا چوونەتە دەرەوەی وڵاتی خۆیان، مارکیز کۆلۆمبای ئیسپانیای بەجێهێشت، میلان کۆندێرا چیکی بەجێهێست بۆ فەرەنساو ئەپسن بەهەمانشێوە لەنەرویجدا نەمایەوە، بەڵام هەروەکو چۆن سەر زەمینی ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی هەر کوردستانە، هەمانکات لای مارکیزو میلان کۆندێراو ئەپسنیش، کۆلۆمبیاو چیك و نەرویج سەر زەمینی جوگرافی ڕۆمانەکانی ئەوانە، ئەوەندەی ژیان لەتاراوگەدا ئارامی و پانتاییەکەی فیزیکی و جوگرافی ئازادیی دەبەخشێتە جوڵەکردنی کۆمەڵایەتی و دەروونی نووسەر، بەڵام دەیان ئەوەندە هەستی دابڕان و غوربەت و نامۆیی لەناخەوە مرۆڤ دادەتەپێنێت، ژیان و سەفەرکردن لەم کەلتوورانەدا بۆ ماوە ماوە زۆر پێویستە، بەڵام ژیان و مانەوەو لەناو سیستمەکەداو قەبوڵکردنی وەکو چارەنووس پێموایە زۆر ترسناك و بکوژە، کەلتووری ڕۆژئاوا، ڕۆژئاوای ڕێنیسانس و ڕۆشنگەریی و شەڕەکانی دیموکراسی و کۆمەڵگا هێندە فەرهەنگێکی دەوڵەمەندو بەهێزو دۆمینانتە کە دەبێت بەهۆشیارییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

پرۆفایل:

دڵسۆز حەمە لەسلێمانی لەدایکبووە، سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی لەسلێمانی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٩٣ بەشی تەلارسازیی (میعماری) لەزانکۆی موسڵ تەواو کردووە.

لەکۆتایی ١٩٩٧-ەوە تائێستا لەهۆڵەندا دەژی، دایکی (سێوەو ماندێللاو یەڵدا)یە، زمانی عەرەبی و هۆڵەندی و ئینگیزی و فارسی دەزانێت، بەعەرەبی و هۆڵەندی دەنووسێت.

دڵسۆز حەمە: (نووسین بۆ من وەکو چارەنووس و ڕێگاچارەیەکە بۆ گونجاندن لەگەڵ ژیان و نادادوەریی و وێنە خراپەکانی ئینساندا، ئەگەر نووسین نەبوایە ڕەنگە زەحمەت بوایە بژیم، هەروەها خوێندنەوە، کتێب بۆ من لەو پەنجەرە گەورانەیە کە لەهاوڕێیایەتی مرۆڤ رزگاری کردووم).

خاوەنی دوو دیوانی چاپکراوە:

١-لەکۆتاییدا بیرم کەوتەوە تەماشای خۆم بکەم-سوید-ساڵی ١٩٩٦.

٢- لەپاییزێکدا دەمخوازێت-سلێمانی-٢٠٠٩.